# بایەخی جیۆپۆلۆتیکی گازی سروشتی هەرێمی کوردستانی عێراق
## لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای رامیاری

**یادگار عبد الله علي**[1]

[1] بەشی جوگرافیا، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئامانج لەم توێژینەوە دەرخستنی بایەخی جیۆپۆلەتیکی گازی سروشتی هەرێمی کودستان و ڕۆڵی لەپەیوەندییە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی ڕوسیاو تورکیا. چونکە گازی سروشتی لەسەر ئاستی جیهان بەیەکێک لەو کانزایانە دادەنرێت بایەخی زۆری لەبواری سوتەمەنی و بەکاربردن بۆ مەبەستە جیاجیاکان هەیە، بەتایبەت لەسەردەمی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیاو پێداویستییەکانی مرۆڤ و گەشەکردنی پیشەسازی و لایەنە ئابورییەکان. لەم توێژینەوە گەیشتینە چەند ئەنجامێک کە ئاماژە بەوەدەکەن یەدەگی گازی سروشتی لەهەرێمی کوردستان بە ٥.٧ ترلیون/م٣ مەزەندەبکرێت، بەمشێوەیە هەرێمی کوردستان پلەی هەشتەمین لەسەر ئاستی جیهان بەڕێژەی ٢.٩% وەردەگرێت. لەم ڕێژەیەدا زۆرینەی یەدەگەکەی دەکەوێتە کێڵگەکانی گەرمیان و سلێمانی. لەهەمانکاتدا بەهۆی زیادبونی بایەخی گازی سروشتی ساڵ لەدوای ساڵ کەبە ئەڵماسی سەدە ناوی دەرکردوە لە ئاسانی بەرهەمهێنان و بەکارهێنان و کەمی تێچونەکەی و هەرزانی لەنرخەکەی بۆتە یەکێک لە کاڵا گرنگ و ئابوریەکەی وڵاتان، هەربۆیە تورکیاو وڵاتە زلهێزەکانی وەک ڕوسیا بەردەوام هەوڵدەدەن بۆ دەستبەسەرداگرتنی هەژمونی هێڵەکانی گواستنەوەو بەبازاڕکردنی وزە لەهەرێمی کوردستان. بەمشێوەیە هەرێمی کوردستان پێگەو سەنگی سیاسی و جیۆپۆلۆتیکی زیاترو بەهێزتر ئەبێت لەئاستی مەحافیلی نێودەوڵەتی و نەخشەی جیهانی وزەوە. پرسیاری توێژینەوەکە ئەوەیە ئایا گازی سروشتی ڕۆڵی لە کێشی سیاسی هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەیە؟ چ ڕۆڵێکی لە ستراتیژیەتی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەیە؟ گرنگترین ئەو میتۆدانەی لەم توێژینەوەیە بەکارهاتون میتۆدی شیکردنەوەی هێزە.

**وشە سەرەکییەکان:** بەرهەمهێنان، بەکاربردن، جیۆپۆلۆتیک، گازی سروشتی، وزە

## ١. پێشەکی

گازی سروشتی یەکێکە لە وزە بەبەردبووەکان (المحفورية - Fossil) وەکو نەوت و خەڵوز، کە لە قوڵایي زەوی دروست دەبێت و بەوەدەناسرێتەوە بێ ڕەنگەو زو گڕدەگرێت. بەهۆی ئەو پێشکەوتنە خێرایەی لەئامێرو ئامرازەکانی دەرهێنان و بەکۆگاکردن و گواستنەوەی گازی سروشتی ڕویداوە، بووەتە هۆی زیاتر بایەخ پێدانی لەلایەن وڵاتانی جیهان بە تایبەتی بۆ مەبەستی دابینکردنی ئاسایشی وزە، لەهەمانکاتدا ئابوریەکی سەرکەوتوو بەهێز بۆ هەر وڵاتێک بەندە بەدابینکردنی وزەکەیەوە بەرێگەیەکی ئاسان و هەرزان. ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە هەرێمی کوردستانیش بەدەر نییە لەو هاوکێشە سیاسی و ئابوریانەی بەهۆی هەبونی یەدەگێکی گەورە لەگازی سروشتی ڕوبەڕوی بۆتەوە، کەڕۆڵێکی سەرەکی لەبواری ئابوری و سیاسی هاوچەرخدا لەسەر ئاستی ناوچەکەو هەرێمایەتیدا دەتوانێت بگێرێت. چونکە هەر لەساتەوەختی دۆزینەوەی ئەم کاڵایەدا تێکەڵ بەسیاسەت و ئابوری بووە، بەهۆی گرنگیەکەی وەک وزەیەکی بەهادارو تایبەتمەند لەبەکارهێنان و لەهەمانکاتدا نارێکی لەدابەشبونی، وەک سامانێکی سروشتی پڕ بایەخ لەژیانی مرۆڤ لەسەر ئاستی جیهان ڕۆڵی بینیوە.

### ١.١ کێشەی لێکۆڵینەوە:

١. ئایا گازی سروشتی ڕۆڵی لە کێشی سیاسی هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەیە؟
٢. گرنگی گازی سروشتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ستراتیژیەتی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی چییە؟
٣. ئاستەنگەکانی گازی سروشتی هەرێمی کوردستانی عێراق چین؟ بۆ چونە سەر نەخشەی جیهانی وزە لەدابینکردنی وزە بۆ وڵاتانی بەکاربەر.

### ٢.١ گرنگی لێکۆڵینەوەکە:

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٤، ژمارە ١ (٢٠٢١)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٤ ئایار ٢٠٢٠؛ پەسەندکردن: ٢١ حوزەیران ٢٠٢١
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٧ کانوونی یەکەم ٢٠٢١ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: yadgar.abdullah@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢١ **یادگار عبد الله علي**، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC 0 BY-NC-ND 4.

گرنگی ئەم لێکۆڵینەوە لەوەدا دەردەکەوێت کە گازی سروشتی وەک سەرچاوەیەکی وزە بەیەکێک لەڕەگەزە گرنگەکانی هەر کیانێکی سیاسی و پاڵپشت وەک هێزێکی نەرمی ئابوری سەردەمیانەی هاوچەرخ و کارتێکی بەهێز لەسەنگی جیۆپۆلیتیکی و ڕۆڵی لە پەیوەندییە سیاسی و ئابوریەکاندا لەگەڵ وڵاتان دادەنرێت.

### ٣.١ گریمانەی لێکۆڵینەوەکە:

١. ئایا گازی سروشتی کاریگەری لەسەر سەنگ و بایەخی جیۆپۆلەتیکی هەرێمی کوردستان هەیە؟

٢. ئایا گازی سروشتی دەتوانێت هەرێمی کوردستانی عێراق بباتە قۆناغێکی ترەوە، لە ستراتیژیەتی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی؟

### ٤.١ ئامانجی لێکۆڵینەوە:

لێکۆڵینەوەکە ئەم ئامانجانە لەخۆدەگرێت:

١. شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بایەخی جیۆپۆلەتیکی یەدەگ و کێڵگەکانی گازی سروشتی لەهەرێمی کوردستان.

٢. هەڵسەنگاندن و خستنەڕوی گرنگی ستراتیژی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی لەپەیوەندییە سیاسی و ئابورییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و نێودەوڵەتی.

٣. هەنگاونان بۆ نزیکبونەوە لەنەخشەی جیهانی وزە و بنیاتنان و گەشەپێدانی ژێرخانی تۆڕەکانی گواستنەوەو هەناردەکردن، وەک هاوبەشێکی کارا لەدابینکردنی وزە بۆ وڵاتانی بەکاربەر.

### ٥.١ میتۆدی لێکۆڵینەوە:

بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجی لێکۆڵینەوەکە، پشتمان بەستووە بەمیتۆدی شیکردنەوەی هێز (تحليل القوة) بۆ شیکردنەوەی بایەخ و ڕۆڵی گازی سروشتی لەسیاسەتی دەرەوەو هەرێمی کوردستان لەئایندەداو چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو سامانە سروشتییە وەک چەکێکی سیاسی و ئابوری بەرامبەر وڵاتانی دراوسێ و نێودەوڵەتی بەتایبەتی ڕوسیاو تورکیا.

### ٦.١ پلانی لێکۆڵینەوە:

ئەم توێژینەوە پێکهاتووە لەسێ تەوەری سەرەکی، تەوەری یەکەم تایبەت کراوە بەناساندنی گازی سروشتی لەڕوی پێکهاتەو جۆرو یەدەگ و بەکاربردنەوە. بەڵام تەوەری دووەم تایبەتە بەدابەشبونی جوگرافی کێڵگە گازییەکان لەهەرێمی کوردستان. هەروەها تەوەری سێیەم باس لەبایەخی جیۆپۆلۆتیکی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەتایبەتی ڕوسیا و تورکیا دەکات. لەژێر ڕۆشنایی ئەم تەوەرانەی سەرەوە توێژەر لەتوێژینەوەکە گەیشتۆتە کۆمەڵێک ئەنجام و ڕاسپاردە. کە بەدوای دا لیستی سەرچاوەکان دێت، کەلەم توێژینەوە پشتی پێ بەستراوە.

## ٢. ناساندنی گازی سروشتی لە ڕوی جۆرو پێکهاتەو بەرهەمهێنان و یەدەگەوە:

### ١.٢ ناساندنی گازی سروشتی:

گازی سروشتی لەساتە وەختی دۆزینەوەیەوە تێکەڵ بە سیاسەت و ئابوری بووە، لەلایەکەوە ڕۆڵی سەرەکی لەسەرخستنی ئابوری جیهاندا هەبووە، لەلایەکی ترەوە زۆرینەی یەدەگی گازی سروشتی کەوتۆتە ئەو ناوچانەی خەسڵەتی ناسەقامگیریان لەڕوی ململانێی سیاسی و ئابوریەکانی بەدەستهێنانی وزە هەیە. هەربۆیە هەمیشە زلهێزەکان بەردەوام لەبیری ئەوەدان کەچۆن دابینکردنی هەمیشەیی گازی سروشتی مسۆگەربکەن. هەروەها گازی سروشتی کاڵایەکی ستراتیجیەو ڕۆڵێکی گرنگ لەبواری ئابوری و هاوچەرخدا دەگێڕێت ، هاوکات هەرزانترین سەرچاوەیە بۆ پیشەسازیە قورس و سوکەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە. بەشێوەیەکی گشتی گازی سروشتی پێکهاتووە لەکۆمەڵێک پێکهاتەو تێکەڵەی هایدرۆکاربۆنی و گرنگترین توخمە سەرەکییەکانی بریتیە لەگازی میسان بەرێژەی زیاتر لە ٦٠% و ئەوەی دەمێنێتەوە پێکهاتون لە گازەکانی ئیسان، بروبان، بیوتان و بنتان. سەبارەت بەچۆنیەتی دروستبونی، تاکو ئێستا بیردۆزەیەکی دروست سەبارەت بە دروستبونی گازی سروشتی نییە ، دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی هۆکاری دروستبونی گازی سروشتی بۆ پاشماوە (ڕوەکی و ئاژەڵی) نیشتووەکان لە ناخی زەوی دا کەبۆ ملیۆنان ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە (EIA، ٢٠٢٠) . بەشێوەیەکی گشتی دو جۆر گازی سروشتی لەجیهاندا هەیە، کەئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

**١. گازی سروشتی بەرهەمهاتو بەهاوەڵی لەگەڵ نەوت:**

ئەمجۆرە لە گازی سروشتی بەوە دەناسرێتەوە لەگەڵ نەوت بەشێوەیەکی تواوە هەیە، یاخود لەژێر کاریگەری پەستان و پلەی گەرمی لەگەڵ نەوت دێتەدەرەوە، وەک ئەوەی لەبەشێکی کێڵگە گازیەکانی هەرێمی کوردستان لەمجۆرەن، وەک کێڵگەکانی (خورمەڵە، میران و دەهۆک) (MNR، ٢٠٢٠، ٥) .

**٢. گازی سروشتی بەرهەمهاتو لەکێڵگەی تایبەت بە گازی سروشتی:**

ئەمجۆرەی کێڵگەی گازی سروشتی، نەوت و پێکهاتەکانی تری لەگەڵدا نییە، بەرهەمەکانی ئەمجۆرە لەگازی سروشتی دەتوانرێت بەئاسانی لەشوێنی بەرهەمهێنانەوە بۆ بەکاربردن لەڕێگەی بۆریەوە بگوازرێتەوە، دەتوانرێت بەئاسانی دەستی بەسەردابگیرێت و بەپێی پێویست دەربهێنرێت و بەکاربهێنرێت. بەشێک لەکێڵگە گازیەکانی هەرێمی کوردستان لەمجۆرەن، وەک کێڵگەکانی (چەمچەماڵ، کوردەمیر، پوڵخانە، تۆبخانە، تازە و بەنەباوی) (MNR، ٢٠٢٠، ٦) .


### ٢.٢ بەکارهێنانی گازی سروشتی لەسەر ئاستی جیهان(Natural Gas Supply ) :

بەهۆی گرنگی لە پێکهاتەکەی و نرخە ئابوریەکەی سەدەی بیست و یەک بەسەدەی گازی سروشتی ناوبانگی دەرکردووە، ئەم سەرچاوەیە وایکردووە ساڵانە بەرەو پێشوەچونێکی گەورە لەبەرزبونەوەی داواکاری لەبەکارهێنانی دا (Energy Supply) لەلایەن وڵاتانەوە بۆ مەبەستە جیاجیاکان لەبوارە جۆراوجۆرەکان بەخۆیەوەببینێت. کەدەتوانین بڵێین گازی سروشتی ڕکابەرێکی بەهێزی جۆرەکانی تری وزەیە و ساڵ بە ساڵ هەنگاوی گەورەی ناوە لەزیاد بەرهەمهێنان و بەکاربردنیدا، هەروەک ئاشکرایە بڕی بەکاربردن لە ساڵی ١٩٧٣ لەسەر ئاستی جیهان لە ١٦% بووە، بەڵام دواتر بەرزبۆتەوە بۆ ٢٢.٢% لەساڵی ٢٠١٧، کەبێگومان ئەمە زیادبونێکی دراماتیکییە لە بەکاربردنی گازی سروشتی کەهیچ کام لە وزەکانی تر ئەو پێشکەوتنە خێرایەی بەخۆوە نەدیوە، بڕوانە شێوەی (١) . هاوکات پێشبینی دەکرێت بەهۆی ئەو گەشە ئابوریە خێرایەی لەلایەن وڵاتە پیشەسازییە گەورەکانەوە هەیە بەرزبونەوەی ئاستی بەکاربردنی لەماڵان و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا ئەم بڕە لە ساڵی ٢٠٣٠ بەرزبێتەوە بۆ ٣٠%، (IEA، ٢٠١٩، ٦) .

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp144-153

شێوەی (١)

زیادبونی بەکاربردنی گازی سروشتی بەراورد بەجۆرەکانی تری وزە لەجیهاندا لەنێوان ساڵانی ١٩٧٣ – ٢٠١٧




Source: International Energy Agency، Key World energy Statistics، (2019) P6.

## ٣.٢ یەدەگی گازی سروشتی:

یەدەگی گازی سروشتی لەسەر ئاستی جیهان بەسەر چەند وڵاتیکی جیاوازدا دابەشبووە ، کە بەگشتی بڕەکەی خۆی دەدات لە نزیکەی ٢٠٣ تریلیون مەتر سیجا لە هەمو جیهاندا، کەبەشێکی زۆری دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە (OPEC، ٢٠١٩، ١١٢) . ئەمەش وایکردووە دیسانەوە ڕوی وڵاتان بەرەو ئەم ناوچەیەبێت، چونکە وڵاتانی هەژار لەڕوی وزە، زیاتر بایەخ بە گازی سروشتی دەدەن بەبەراورد بەوزەکانی تر بەهۆی هەرزانی نرخەکەی و خاسیەتە باشەکانی لەبەکارهێناندا.

بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستانیش خاوەنی نزیکەی ٥.٧ تریلیون/م٣ یەدەگی گازی سروشتییە (MNR، ٢٠٢٠) ، بەپێی ئەم ژمارەیەبێت هەرێمی کوردستان دەبێتە خاوەنی ٢.٩% لەیەدەگی جیهانی، بەمەش هەرێمی کوردستان دەچێتە ڕیزبەندیی پلەی هەشتەم لەسەر ئاستی جیهان لەڕوی یەدەگەوە، کەئەمەش بایەخی جیۆپۆلۆتیکی و جیۆسیاسی هەرێمی کوردستان بەهێزدەکات و گرنگیەکەی زیاتردەکات، هەروەک لەخشتەی (١) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (١)

ڕیزبەندی وڵاتانی جیهان بەپێی یەدەگی گازی سروشتی لە ساڵی (٢٠١٨)

| ژ | ناوی وڵات | بڕی یەدەگ (تریلیون/م٣) | ڕێژەی % لە جیهان |
|---|---|---|---|
| ١ | ڕوسیا | ٥٠.٥ | ٢٤.٨ |
| ٢ | ئێران | ٣٣.٩ | ١٦.٧ |
| ٣ | قەتەر | ٢٣.٨ | ١١.٧ |
| ٤ | ئەمریکا | ١٣.٥ | ٦.٦ |
| ٥ | تورکمانستان | ٩.٨ | ٤.٨ |
| ٦ | سعودیە | ٩.١ | ٤.٥ |
| ٧ | ئیمارات | ٦.١ | ٣ |
| ٨ | هەرێمی کوردستانی – عێراق | ٥.٧ | ٢.٩ |
| ٩ | ڤەنزویلا | ٥.٥ | ٢.٧ |
| ١٠ | نایجیریا | ٥.٦ | ٢.٧ |
| ١١ | ئەوانی دیکە | ٣٩.٧ | ١٩.٦ |
| | کۆی گشتی | ٢٠٣.٢ | %١٠٠ |


Source: (OPEC، Annual Statistical Bulletin، 2019، p. 112) .

## ٣. دابەشبونی جوگرافی کێڵگە گازییەکان لە هەرێمی کوردستان

دابەشبونی جوگرافی کێڵگەکانی گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان ژمارەیان (١٠) دە کێڵگەیە بەپێی ئەو ڕوپێوەی کۆمپانیاکانی بواری دۆزینەوەو پشکنینی نەوت لەناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان کردویانە، کە (٧) کێڵگەیان کەوتۆتە ناوچەکانی گەرمیان و پارێزگای سلێمانی، ئەوەی جێگای سەرنجە لەم ژمارەیە تەنها کێڵگەی کۆرمۆرو دەۆک بەرهەمیان هەیەو دەتوانن تارادەیەکی باش پێداویستییەکانی ناوخۆ پڕ بکەنەوەو گازی سروشتی بۆ هەر سێ وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای هەولێرو سلێمانی و دهۆک دابین بکەن (MNR، ٢٠٢٠) . کێڵگەکانی تر ئامادەکراون بۆ بەرهەمهێنان، بەڵام تا ئێستا بەهۆی ئاستەنگی نەبونی ژێرخانی هێڵەکانی بۆڕی و تۆڕەکانی گواستنەوە نەتوانراوە دەستبکرێت بەدەرهێنانی گازو ناردنەدەرەوەو بەبازاڕکردنی. کەلە باسی سێیەم تیشک دەخەینە سەر هەوڵ و گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم بوارە تایبەت بەگواستنەوەو ناردنەدەرەوەی. لێرەدا هەوڵدەدەین دابەشبون و شوێنی جوگرافی کێڵگەگازییەکانی هەرێمی کوردستان بخەینەڕو، بەمشێوەیەی خوارەوە، بڕوانە نەخشەی (١) :

نەخشەی (١)

دابەشبونی جوگرافی کێڵگەکانی گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان




Source: (MNR, Ministry of Natural Recourse, 2019, p. 5)

## ١.٣ کێڵگەی گازی کۆرمۆر:

کێڵگەی گازی کۆرمۆر یەکێکە لەهەرە کێڵگە کۆنەکانی عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی ساڵی ١٩٢٨ یەکەم بیری ئەزمونی تێدا هەڵکەنراوە، دەکەوێتە دوری (٣٥) کم لەڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوک لەسنوری ناحیەی قادر کەرەمی سەر بەقەزای چەمچەماڵ (فتح الله، ٢٠١٥، ٧٤) .

ئەم کێڵگەیە لەدوکۆگای سەرەکی پێکهاتووە کۆگای یەکەمیان ڕوبەرەکەی دەگاتە (٥١٠) کم٢ و درێژیەکەی دەگاتە (٣٢) کم و پانی (٤) کم، قوڵایی بیرەکانی دەگاتە (١٣٣٧-١٧٢٠) م، کە (١٨) بیری لێهەڵکەندراوە، بەگوێرەی ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای (دانەغازو هیلال) بڕی بەرهەمێنانی ڕۆژانە لەم کێڵگەیە لەساڵی (٢٠١٥) گەیشتۆتە (٣٤٠ ملیون/پی٣) ، بەڵام کۆگای دووەم دەکەوێتە ناحیەی قادرکەرەم

لەکۆگای یەکەم باشترەو ڕووبەرەکەی دەگاتە (٣٠٠) کم٢، ئەم کۆگایە بڕێکی باش لەگازی سروشتی تێدایە کەبڕی بەرهەمهێنانی لەساڵی (٢٠١٦) گەیشتۆتە (٣٠٨) ملیۆن/پێ٣، وادادەنرێت یەدەگی لە گازی سروشتی بگاتە (١.٨) تریلیون/پێ٣، پێکهاتەی جیۆلۆجی ئەم کێڵگەیە لەشیرانش و جربەیە لەسەردەمی ئۆلیگۆسین. بەرهەمی ئەم کێڵگەیە بەبۆری دەگوازرێتەوە بە درێژایی (١٨١) کم و بە تیرەی (٢٤) ئینج، بۆ وێستگەکانی کارەبا لە چەمچەماڵ و هەولێر (Zagros، ٢٠١٦، ١) .

پشکی کۆمپانیاکان لەم کێڵگەیە بەم شێوەیە: کۆمپانیای داناغاز (Dana Gaz) پشکەکەی دەگاتە لە (٤٠%) و کۆمپانیای (Crescent petroleum) پشکەکەی دەگاتە (٤٠%) و کۆمپانیای (MOL) ی نەمساوی (١٠%) پشکی هەیەو کۆمپانیای (OMV) ی هەنگاری (١٠%) بەشدارە (Zagros، ٢٠١٦، ١) .

### ٢.٣ کێڵگەی گازی چەمچەماڵ:

کێڵگەی گازی چەمچەماڵ یەکێکە لەکێڵگە کۆنەکانی هەرێمی کوردستان و دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای قەزای چەمچەماڵ، درێژی ئەم کێڵگەیە (٣٢) کم و پانیەکەی (٢.٥) کم، بەپێی زانیارییەکانی کۆمپانیای گازی باکور (شرکە الغاز الشمال) ئەم کێڵگەیە لەساڵی (١٩٢٩-١٩٣٠) یەکەم بیری ئەزمونی لێ هەڵکەندراوەو پاشان لەساڵی (١٩٥٣) بیرێکی تری لێهەڵکەندراوە (الله، ٢٠١٥، ٧٤) . عەمباری سەرەکی ئەم کێڵگەیە لە پێکهاتەکانی شیرانش و پیلاسپی پێکدێت، بە پێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان یەدەگی ئەم کێڵگەیە دەگاتە (٢.٠٧) تریلیون/پێ٣ (Zagros، ٢٠١٦، ١) . لە (٢٠٠٧/١١/١٠) دا بەپێی گرێبەستێک لە جۆری بەرهەمهێنانی هاوبەش (PSC) دراوە بەکۆمپانیای داناغازو (Dana Gaz) کریسنت (Crescent Petroleum) تا شارێکی پیترۆکیمیاوی لەنزیک بونیادبنرێت، بەڵام پاشان بەهۆی چەند کێشەو گرفتێک لەنێوان وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و کۆمپانیای ناوبراو وەستێنراوەو بە هەڵپەسێراوی ماوەتەوە.

### ٣.٣ کێڵگەی گازی میران:

ئەم کێڵگەیە دەکەوێتە ناوچەی تاسلوجەو بەشێک لە ناوچەکانی ناحیەی ئاغجەلەرو بازیان دەگرێتەوە، کە ڕووبەرەکەی دەگاتە (١٠١٥) کم٢ و (٣) بیری تێیدا هەڵکەنراوە، لەقوڵایی (٢٩٣٥) م، پێشبینی دەکرێت ئەم کێڵگەیە (٤.٣) تریلیون/پێ٣ یەدەگ لەخۆبگرێت. بەپێی زانیارییەکانی خودی کۆمپانیای هەریتیج لە ئۆیل و گاز جۆرنڵدا لە کۆتایی ٢٠١٣ دا لەم کێڵگەیە بەهۆی وێستگەیەکی سەرەتاییەوە بڕی ڕۆژانە نزیکەی (١٨٠) ملیۆن/پێ٣ گاز بەرهەمهاتووە. دواتر کۆمپانیای هەریتیج گشت پشکەکانی خۆی لەم کێڵگەیە بەکۆمپانیای جینڵ ئینرجی (Genel Energy) تورکی فرۆشتۆتەوە (Zagros، ٢٠١٦، ١) .

### ٤.٣ کێڵگەی گازی بنەباوی:

ئەم کێڵگەیە لەناوچەی دەربەندی گۆمەسپان دەست پێ دەکات بۆ ناحیەی هیران و گوندی نازەنین، کە ڕووبەرەکەی دەگاتە (٢٤٠) کم٢، قوڵاییەکەی دەگاتە نزیکەی (٤٦٧٧) م، لەم ناوچەیە (٣) بیری تێدا هەڵکەندراوە، کەبڕێکی باش لە گازی سروشتی تێدایەو یەدەگی بە (٧.١) ترلیۆن/پێ٣ خەمڵێنراوە، لە(٢٠١١/١٢/١٢) بەپێی گرێبەستێک لەجۆری بەرهەمهێنانی هاوبەش (PSC) دراوە بە کۆمپانیای جینێڵ ئینرجی (Genel Energy) تورکی (Zagros، ٢٠١٦، ١).

### ٥.٣ کێڵگەی گازی کوردەمیر:

ئەم کێڵگەیە دەکەوێتە ناحیەی سەنگاو و باکوری قەزای کەلار تا سەر ڕوباری باسەرە دەگرێتەوە، ڕووبەرەکەی دەگاتە (٣٤٠) کم٢، ژمارەی بیرەکانی (٤) بیرەو لەگوندی کوردەمیر لێدراوە. یەدەگی ئەم کێڵگەیە بە (٢.٢٦) تریلیون/پێ٣ دەخەمڵێنرێت.

پشکەکانی ئەم کێڵگەیە بەپێی گرێبەستێک لەجۆری بەرهەمهێنانی هاوبەش (PCS) لە (٢٠٠٨/٢/٢٨) بەمشێوەیە دراوە بەم کۆمپانیایانە: کۆمپانیای وێسترن زاگرۆسی (Western Zagros) کەنەدی خاوەنی (٤٠%) پشکەکانەو کۆمپانیای تالیسمان (Talisman) و جینێل ئینەرجی (Genel Energy) تورکی خاوەنی لە (٤٠%) و لە (٢٠%) بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانە (Zagros، ٢٠١٦، ٢).

### ٦.٣ کێڵگەی گازی تازە:

شوێنی جوگرافی ئەم کێڵگەیە بەشێک لەسنوری ناحیەی نەوجول و ڕۆژئاوای ناحیەی قادرکەرەم دەگرێتەوە، ڕووبەرەکەی (٧٠٠) کم٢، ژمارەی بیرەکانی (٢) بیرە، بڕێکی زۆر لەگازی سروشتی تێدایە (فتح الله ٢٠١٥: ١٠٢) . ئەم کێڵگەیە بەپێی گرێبەستێک لەجۆری بەرهەمهێنانی هاوبەش (PCS) لە (٢٠١١/٧/٢٧) بەمشێوەیە دراوە بەم کۆمپانیایانە: پشکی (٦٠%) دراوە بەکۆمپانیای ئۆیل سێرچی (Oil Search) ئوسترالی و پشکی (٢٠%) دراوەتە کۆمپانیای تۆتاڵی (Total) فەرەنسی و (٢٠%) بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانە (MNR، ٢٠١٤، ١٨) .

### ٧.٣ کێڵگەی گازی توبخانە:

ئەم کێڵگەیە دەکەوێتە باکوری قەزای خورماتو باشوری ناحیەی قادرکەرەم، ڕووبەرەکەی دەگاتە (٦٧٠) کم٢، کە (٢) بیری تێدا هەڵکەندراوە، یەدەگی ئەم کێڵگەیە بە (١٦٦٥) ملیون/پێ٣ دەخەملێنرێت. ئەم کێڵگەیە بەپێی گرێبەستێک لەجۆری بەرهەمهێنانی هاوبەش (PCS) لە (٢٠١١/٨/١٩) پشکی (٨٠%) دراوە بەکۆمپانیای وێسترن زاگرۆسی (Western Zagros) ی کەنەدی و لە (٢٠%) پشکی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانە (Zagros، ٢٠١٦، ٢).

### ٨.٣ کێڵگەی گازی پوڵخانە:

ئەم کێڵگەیە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قەزای خورماتو ناحیەی جەبارە، ڕووبەرەکەی دەگاتە (٥٢٩) کم٢، کە (٧) بیری تێدا هەڵکەندراوە. ئەم کێڵگەیە بەپێی گرێبەستێک لەجۆری بەرهەمهێنانی هاوبەش (PCS) لە (٢٠١٢/٥/١) پشکی (٦٠%) دراوە بەکۆمپانیای شامارانی (Shamaran) ی کەنەدی و لە(٢٠%) پشکی کۆمپانیای پیت ئۆیلی (PitOIL) تورکی یەو لە(٢٠%) پشکی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانە (MNR، ٢٠١٤، ١٩).

### ٩.٣ کێڵگەی گازی خورمەڵە:

ئەم کێڵگەیە دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای شاری هەولێرو درێژکراوەی کێڵگەی باباگورگورە، درێژی ئەم کێڵگەیە دەگاتە (٢٠) کم و پانیەکەی (٨) کم. ژمارەی بیرە هەڵکەندراوەکانی دەگاتە (١٨) بیرو قوڵاییان لەنێوان (١٠٠٤-٢٤٠٠م) ، لەلایەن کۆمپانیایەکی ناوخۆیی بەناوی کارگروپ (KAR Group) سەرپەرشتی دەکرێت (MNR، ٢٠١٣، ٣٢) .

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp144-153

### ١٠.٣ کێڵگەی گازی دهۆک:

ئەم کێڵگەیە دەکەوێتە قەزای مەرکەزی دهۆک و باشوری شاری دهۆک و قەزای سمێل دەگرێتەوە، ڕوبەرەکەی دەگاتە (١٦٢) کم٢، لە سمێل دو بیر لێدراوە. ئەم کێڵگەیە بەپێی گرێبەستێک لەجۆری بەرهەمهێنانی هاوبەش (PCS) لە (٢٠١٠/١٠/١٤) دراوە بەم کۆمپانیایانە: پشکی لە (٤٠%) بۆ جینڵ ئینەرجی (Genel Energy) تورکی و لە(٤٠%) پشکی دی ئێن ئۆی (DNO) ی نەرویجی و (٢٠%) ی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانە (MNR، ٢٠١٣، ٣٢).

## ٤. بایەخی جیۆپۆلۆتیکی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان

لەم باسەدا هەوڵمانداوە ڕۆڵی هەریەک لەوڵاتانی (ڕوسیا و تورکیا) وەک دو کارەکتەری گرنگ و زلهێزی نێودەوڵەتی و هەرێمی لەمەیدانی وزە و سیاسەتدا بخەینەڕو، کەبەشێوەیەکی پڕاکتیکی و ڕاستەوخۆ لەهەوڵی دۆزینەوەو بەرهەمهێنان و بنیاتنان و دروستکردنی هێڵی بۆڕی گواستنەوەی گازی هەرێمی کوردستانن بۆ دەرەوەو بەستنەوەی هەرێم بە بازاری جیهانی وزەوە، کەبەسەنگێکی گەورەی سیاسی و سەرمایەوە کاردەکەن و هەریەکە زیاتر لە (١٠) کێڵگەی نەوت و گازیان لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان گرێبەستکردوەو لەچالاکی بەردەوامدان لەناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان.
لێرەدا هەوڵدەدەین هەریەکەو بەجیا شیکردنەوەی لایەنە ئابوری و سیاسی و ئامانجەکانیان بخەینەڕو:

### ١.٤ ڕوسیا:

ڕوسیا سەنگێکی سیاسی گرنگی لەسەر ئاستی جیهان هەیە، لەڕوی شوێنی جوگرافیەوە دەکەوێتە نێوان ئاسیاو ئەوروپاوە کە خاوەنی یەدەگێکی دەوڵەمەندە لە گازی سروشتی، کەئەمەش وای لێکردووە هەردەم لایەنێکی گرنگی ململانێی نێودەوڵەتییەکان لەڕۆژهەڵاتی ناوەراست و جیهان بێت (الرماح، ٢٠١٦، ٩٢).
ڕوسیا لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهان خاوەن پێگەو هێزێکی کاریگەرە، کەبەشێکی گرنگی ئەم هەژمونەی بۆ بونی ئەو یەدەگە زۆرەی لەنەوت و گاز هەیەتی لەخاکەکەی دەگەڕێتەوە، کەبەیەکێک لەسەرچاوە گرنگەکانی دابینکردنی وزە بۆ وڵاتانی ئەوروپاو تورکیا دادەنرێت، کە خاوەنی ٨٠ ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگ و ٥٠ ملیار/م٣ (OPEC، ٢٠١٩، ٢٦-١١٢) یەدەگی گازی سروشتیەو پێگەی یەکەمین وڵاتی جیهانی گرتوەو هەر ئەمەشە وای لێکردووە لەهەوڵدان و ململانێی بەردەوام بێت لەگەڵ وڵاتانی زلهێزو هەرێمی بۆ کۆنترۆڵکردن و سەپاندنی هەژمونی سیاسی و ئابوریەکەی و پاراستنی پێگەکەی لەناوچەکە (عبدالنبی، ٢٠١٦، ٣١).
هەر لەم ڕوانگەیەوە ڕوسیا دەیەوێت هەرێمی کوردستان بخاتە چوارچێوەی نفوزی ئابوری و سیاسیەکەی لەناوچەکە، بەهۆی گرنگی هەرێمی کوردستان بەبونی یەدەگێکی زۆری نەوت و گازی سروشتی کەوەکو ناوچەیەکی نوێی سەرچاوەی وزە بەتایبەت گازی سروشتی دەرکەوتووە.
ڕوسیا لە هەوڵی ئەوەدایە سیاسەتی وزەی هەرێمی کوردستان بەسیاسەتی نەوت و گازی خۆیەوە ببەستێتەوە یاخود دەستەبەری ئاڕاستەکردنی لای خۆیەوە بێت. ئەم هەوڵەش کاتێک بەرجەستە دەبێت کەپێگەیەکی بەهێزی لەهەرێمی کوردستان هەبێت، بەمەبەستی دابینکردنی ئاسایشی وزە لەناوچەکە بەپێی بەرژەوەندییە ئابوری و جیۆسیاسیەکانی و کەمکردنەوەی مەترسی و فشاری وڵاتانی تر لەناوچەکە.

کەدەیانەوێت سود لەوزەی هەرێمی کوردستان وەربگرن و وەک کارتێکی سیاسی و ئابوری دژی ڕوسیا لە ئایندە بەکاریبهێنن ، بەتایبەت وڵاتانی ئەمریکاو ئەوروپا کەبەپلەی یەکەم پشت بەگازی سروشتی ڕوسیا دەبەستن (هەمەوەندی، ٢٠١٩، ١٧٧).
هەربۆیە ئاڕاستەی سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا (Foreign Policy)و هاندانی کۆمپانیا نەوتیەکانی بەشێکە لەو پلانەی ڕوسیا بۆ هەرێمی کوردستان و ناوچەکە هەیەتی، کە دەتوانین بڵێین ئەنجامدانی گرێبەست لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەردوکۆمپانیای گازپرۆم Gazprom و ڕوسنەفتی Rosneft ڕوسی یەکێکە لەهەنگاوە گرنگەکان بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە ئەم دو کۆمپانیایە بەکۆمپانیا هەرە مەزنەکانی ڕوسیاو جیهان دادەنرێن، کە ڕۆڵێکی باڵایان لەسەر ئاستی بڕیاردان لە ناوەندە سیاسی و ئابوریەکانی روسیادا هەیە، لەلایەکی تر کاریگەریان لەسەر بازارەکانی نەوت و گاز لەجیهان هەیە، حکومەتی ڕوسیا پشکی سەرەکی لەم کۆمپانیانە هەیە، بۆیە ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتی ڕوسیاوە سەرپەرشتی دەکرێن و بەرپرسانی حکومەتی ڕوسیا بەبایەخەوە لێی دەڕوانن و بەچەکێکی کاریگەر لەسیاسەتی دەرەوەو گۆڕەپانی نێودەوڵەتی دەزانن (Ismeal، ٢٠١٨، ٨٧-٨٨).
بۆیە ئەنجامدانی گرێبەست و هاتنی ئەم کۆمپانیایانە بۆ کوردستان خۆی لەخۆیدا بایەخدانە بەهەرێمی کوردستان و بەستنەوەی گازو نەوتی هەرێمی کوردستان بەبازاڕی وزەی جیهانیەوە.
لێرەدا بەپێویستی دەزانن کەزیاتر تیشک بخەینە سەر کۆمپانیای ڕوسنفت کە کارەکانی زیاتر هەوڵدەدات بایەخ بەسەرمایەگوزاری لەبواری ژێرخان و بەرهەمهێنان و گواستنەوەی گاز لەهەرێمی کوردستان بدات، بۆیە هەریەک لە سەرۆکی ڕوسیا (فلادیمیر پوتین) و سەرۆکی جێبەجێکاری ڕوسنفت (ئیگۆر سچین) جەخت لەوە دەکەنەوە: "کەهیچ بەربەستێک لەڕێگامان نییە، بۆ ئەنجامنەدانی کارەکانمان لەهەرێمی کوردستان" (REUTERS، ٢٠١٨). وێڕای دژواری بارودۆخی سیاسی و دیبلۆماسی هەرێمی کوردستان و ڕوبەروبونەوەی بەقەیرانی دارایی و هاتنی شەڕی داعش، کۆمپانیای ناوبراو بەردەوامبون لەکارەکانیان و پشتگیری هەرێمی کوردستانیان لەشەڕەکە کرد.
یەکێک لە ئاستەنگە هەرە گەورەکانی پیشەسازی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان نەبونی هێڵەکانی گواستنەوەی گازی سروشتییە بۆ ناردنەدەرەوە، لەبەرئەوە زیاتر لە حەوت کێڵگەی وەکو (کوردەمیر، تازە، توبخانە، پوڵخانە، بەنەباوی، میران و خورمەڵە) گازی سروشتی تێدا دۆزراوەتەوەو بیری لێدراوەو ئامادەیە بۆ بەرهەمهێنان و ناردنەدەرەوە، بەڵام بەهۆی نەبونی هێڵەکانی گواستنەوە کارەکانیان وەستاوەو ناتوانن وەبەرهێنان و گەشەپێدان لەکێڵگەکان بکەن (MNR، ٢٠١٧). هەربۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵساوە بەئەنجامدانی گرێبەستێک لەگەڵ کۆمپانیای ڕوسنفت، کەبەپێی ئەم گرێبەستە کۆمپانیای ڕوسنەفت جگە لە پەرەپێدان و پێشخستنی پێنج کێڵگەی نەوتی، لەکاری بەردەوامدایە بەبڕی (٤) ملیار دۆلار سەرمایەگوزاری بۆ دروستکردن و فراوانکردنی ژێرخانی هێڵی بۆری (Network pipeline Energy) و پیشەسازی بەرهەمهێنانی گازو نەوت و ناردنەدەرەوەو بەبازاڕکردن بکات (SNEFT٠R، ٢٠١٧). کە وا بڕیارە لەسەرەتادا ئەم پرۆژەیە توانای بەرهەم هێنانی بگەیەنێتە (٣٠) ملیار/م٣ گازی سروشتی ساڵانە، بەمشێوەیە هەرێمی کوردستان دەتوانێت (٦%) لەپێداویستی ئەوروپا لە

گازی سروشتی دابین بکات، کە لە ساڵی (٢٠١٩)وە دەستکراوە بەم پڕۆژەیەو بڕیاروایە لەکۆتاییەکانی ساڵی (٢٠٢١) کارەکانی تەواوبێت (MNR، ٢٠١٧).

ئەم پڕۆژەیە ڕۆڵێکی گەورەی لەبەرەوپێشبردنی پیشەسازی نەوت و گەشەکردنی ئابوری لەهەرێمی کوردستان دەبێت، هەروەها کۆمپانیای ڕوسنفت بەشداربووەکی سەرەکی لەدابینکردنی ئەمن و ئاسایش و پاراستنی لەهەڕەشەی وڵاتانی دەوروبەر بەتایبەتی وڵاتی تورکیا دەبێت، چونکە وەک ڕون و ئاشکرایە لە ئێستادا ناردنەدەرەوەی نەوت لەهەرێمی کوردستان لەژێر چاودێری تورکیا ئەنجام دەدرێت، بەڵام پاش تەواوبونی هێڵی گازی سروشتی و پەرەپێدانی هێڵی نەوتیەکە کاریگەریی تورکیا تارادەیەکی زۆر کەمدەبێتەوە، بۆیە تورکیا ناتوانێت هەمان مامەڵە لەگەڵ ڕوسیا بکات وەک ئەوەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەیکات.

بۆیە هاتنی ئەم کۆمپانیایە بۆ هەرێمی کوردستان وادەکات جۆرێک لەسەنگی ئابوری بەهەرێمی کوردستان بدات و بۆ یەکەم جارە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەوت و گازی بە وڵاتێکی زلهێز بفرۆشێت. هەروەها بەرامبەر بەمەش ڕوسیا دەتوانێت کۆنترۆڵی ڕکابەری بازارەکانی نەوت و گازی جیهان بکات، بۆیە هەرێمی کوردستان بە بازارێکی گرنگی نەوت و گازی سروشتی بۆ ڕوسیا دادەنرێت بەمەش هەردولا براوەدەبن.

لە کۆتاییدا دەتوانین ئامانجەکانی ڕوسیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان لە چەند خاڵێک کۆ بکەینەوە:

١. هەژمونی گواستنەوەو بەبازاڕکردنی وزە لەناوچەکە لەژێرچاودێری ڕوسیا، یەکێکە لەئامانجەکانی کۆمپانیای ڕوسنفت بۆ کەمکردنەوەی هەڕەشەی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان لەداهاتودا بۆ سەر گازی سروشتی ڕوسیا لەبازارەکانی جیهان.
٢. بەکارهێنانی چەکی وزە وەک ئامرازێکی کاریگەر بەرامبەر وڵاتانی ڕۆژئاوا.
٣. کۆنترۆڵکردنی نرخی گازو نەوت لە بازارەکانی جیهان.
٤. دوبارە بنیاتنانەوەی نفوزی ڕوسیا لەجیهان بەگشتی و ناوچەی نەوتی و گازییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بەتایبەتی.
٥. بایەخدان بەسەرچاوەکانی وزە لەسیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا بۆ پێکانی پرسە سیاسی و ستراتیژییەکانی.
٦. بەکارخستن و وەبەرهێنانی کۆمپانیا نەوت و گازییەکانی ڕوسیا لەناوچە نەوتی و گازییەکان، بەمەبەستی زیادکردنی داهات و بەشداریکردن لەبازارەکانی وزەی جیهان و باشکردنی باری ئابوری ڕوسیا.


لەهەمانکاتدا ناتوانرێت گرنگی دەستپێشخەری سیاسەتی ڕوسیاو هاتنی کۆمپانیا نەوتیەکانی بۆ هەرێمی کوردستان ئاماژە پی نەکەین، چونکە هەرێمی کوردستانیش بەهەمان شێوە کۆمەڵێک ئامانجی هەیە، کە دەتوانێت لەچوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی ڕوسیا بەدی بهێنێت ، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. بە دەستهێنانی پاڵپشتی سیاسی و دیبلۆماسی وڵاتێکی زلهێزی وەکو ڕوسیا لەسەر ئاستی هەرێمی و جیهانی.
٢. هەوڵدانی هەرێمی کوردستان بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی هێزی نێوان ئەمریکاو ڕوسیا، پێویستە هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی گشتگیرو تۆکمەی لەهەنبەر پاراستنی بەرژەوەندی هەردو جەمسەر هەبێت، بەگرنگەوە بڕوانێت و نەبێتە مەترسی یا پشتێکردنی لایەک بۆ لایەکی تر، چونکە هەریەک لەم دو هێزە کاریگەری و هەژمونی ڕاستەوخۆیان لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە و تێڕوانینی و سەنگی سیاسی جیاوازیان هەیە.
٣. کەمکردنەوەی فشارو هەژمونی تورکیا لەسەر هەرێمی کوردستان و سێکتەری وزەکەی، ئەمەش بە بەدیارخستن و بەخاوەنکردنی لەلایەن کۆمپانیا نەوتی و گازییەکانی ڕوسیا لەگواستنەوەو ناردنە دەرەوەی نەوت و گاز بۆ بازارەکانی جیهان.

## ٢.٤ تورکیا:

تورکیا یەکێکە لەوڵاتە دراوسێکانی هەرێمی کوردستان و دەکەوێتە بەشی باکوری، کۆی گشتی درێژی سنورەکەی دەگاتە ٣٧٧کم و ڕێژەی ١٨% لە کۆی درێژی سنوری هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت. نەخشە (٢)، (هروری، ٢٠٠١، ٨٧).

نەخشەی (٢)
سنوری نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان



سەرچاوە: (عزیز، ٢٠٠٧، ٢٩) و (ڕەسوڵ، ٢٠١٤، ١٤).

تورکیا لەڕوی شوێنی جوگرافی و کیشوەرییەوە خاوەنی سەنگێکی سیاسی گرنگە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە، کە پێگەیەکی وشکانی و ئاوی و ئاسمانی بایەخداری لەنێوان هەردو کیشوەری ئاسیاو ئەوروپا هەیە، ئەمەش وایکردوە شوێنێکی گرنگی میحوەری لەناوچەکەدا هەبێت، کەڕۆڵێکی کاریگەری لەیەکلایکردنەوەی بەشێک لەکێشەو ململانێ هەرێمایەتیەکان هەیە، ئەمەش بە بەکارهێنانی بنەماسەرەکییەکانی ڕەگەزەکانی هێز لەڕوی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی و هەبونی سەرچاوەی ئاو و توانستە سەربازی و ئابورییەکانی و نزیکی لەناوچە نەوتییە ستراتیژییەکان، ئەمانە وای لەتورکیاکرد لەسەدەی ڕابردو وەک کاراکتەرێکی هەرێمی گەورە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدیارکەوێت و ستراتیژیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەلای خۆیدا کێش بکات، ئەمەش بووە هۆی دەرچونی لەدورەپەرێزی و پەلهاوێشتن بەرەو دەرەوەی سنورەکانی و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هاوسێکانی (ڕوغلو، ٢٠١١، ١٥٦-١٧٠).


لەگەڵ ئەوەشدا سەرەڕای هەبونی ئەو توانستە میحوەریەی کەهەیەتی وەک ئاماژەمان پێکرد، بەڵام لەلایەنی سەرچاوەکانی وزەوە بەوڵاتێکی هەژار هەژماردەکرێت، کەبڕی یەدەگی لەگازی سروشتی لە وڵاتەکی تۆمارنەکراوەو یەدەگی نەوتیش زۆرکەمە دەگاتە ٢٩٦ ملیۆن بەرمیل و ئاستی بەرهەمهێنانی دەگاتە ٥٤ هەزار بەرمیل ڕۆژانە لە ساڵی ٢٠١٨، (OPEC، ٢٠١٩، ٣١).

بۆیە ناچارە پشت بە هاوردەی گازی سروشتی ببەستێت لەدەرەوەی وڵات بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی کە هەروەک لەشێوەی (٢) دیارە ئاستی هاوردەی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp144-153

ساڵ بەساڵ لەبەرزبونەوەیەو لە ٤٥ ملیون مەتر چوارگۆشە لە ساڵی ٢٠١٣ بەرزبۆتەوە بۆ ٥٤ ملیۆن مەتر چوارگۆشە لە ساڵی ٢٠١٧ دا، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کەپێویستی ساڵانەی بەردەوام لەزیادبوندایەو ئەو زیادبونەش پێویستی بەسەرمایەی زۆرە بۆ دابینکردن و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی، لەهەمانکاتدا پێویستی بەدۆزینەوەی بازاڕێکی هەرزان و بەردەست و مسۆگەرە لەبارودۆخێکی ئارامدا (OPEC، ٢٠١٩، ١٢٠).


شێوەی (٢)
هاوردەی تورکیا لە گازی سروشتی لەنێوان ساڵانی (٢٠١٣ – ٢٠١٧)




Source: (OPEC Annual Statistical Bulletin، 2018) & (OPEC Annual Statistical Bulletin، 2019).

لەهەمانکاتدا لەڕوی بەکاربردنەوە ساڵ لە دوای ساڵ پێداویستی وزە لە تورکیا زیاد دەکات، کەبەپێی ئامارەکان بێت لە ساڵی ٢٠١٣ بڕی بەکاربردنی ٤٥ ملیار مەتر چوارگۆشەبووە، بەڵام بەهۆی زۆری پێداویستییەکانی و بەرزبونەوەی ئاستی بەکاربردن بەوەی کە تورکیا بەردەوام هەوڵی بەپیشەسازیکردنی وڵاتەکەی دەدات، هەروەها زیادبونی ساڵانەی ژمارەی دانیشتوانەکەی، لەساڵی ٢٠١٧ ئاستی بەکاربردنی بەرزبۆتەوە بۆ ٥٣ ملیار مەتر چوارگۆشە، بڕوانە شێوەی (٣)، پێشبینی دەکرێت ئەم بڕە بەرزبونەوەی خێرا بەخۆوە ببینێت.

شێوەی (٣)
بەکاربردنی گازی سروشتی لە تورکیا لەنێوان ساڵانی (٢٠١٣-٢٠١٧)




Source: (OPEC Annual Statistical Bulletin، Report، 2018، 120)

ئەمەش وایکردوە بۆ دابینکردنی وزە ڕوبکاتە وڵاتانی دراوسێ لەوانەش هەرێمی کوردستان. زۆری پێداویستی تورکیا بۆ نەوت و گاز وایکردووە بەچاوێکی ترەوە سەیری هەرێمی کوردستان بکات و نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بۆتە یەکێک لەبنەماکانی سیاسەتی تورکیا بۆ بوژاندنەوەی کەرتی ئابوری کەتورکیا بەهەشتەمین وڵاتی گەورەی ئەوروپا هەژماردەکرێت، ئەم پەرەسەندنە ئابوریە وایکردوە زۆر بەخێرایی داواکارییەکانی بۆ وزە بەرزبێتەوە، بەجۆرێک زۆر لەوڵاتانی ئەوروپا خێراترە.

هەبونی ئەم پەیوەندییە دراوسێیەتیە لەنێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان بۆتە هێنانەدی کۆمەڵێک بەرژەوەندی ستراتیژی بۆ تورکیا لەمانە ئاسانکاری زۆر لەلایەن هەرێمی کوردستان بۆ کۆمپانیا نەوتیە تورکیەکان کراوە بۆئەوەی لەهەرێمی کوردستان کاربکەن. لەهەمانکاتدا گرنگترین دەستکەوتەکانی تورکیا لەبواری وزە بەدەستهێنانی گرێبەستی پەنجا ساڵەی نێوان هەردولایە، کە بەپێی ئەم گرێبەستەبێت تورکیا هەڵدەستێ بەدروستکردنی بۆڕی گازو نەوت لەهەرێمی کوردستان و تێپەڕبونی بەخاکی تورکیا بۆ ناردنەدەرەوەی بەرهەمەکانی بۆ بەندەری جیهان لەهەر بارودۆخێکدابێت، لەبری ئەمە تورکیا گازو نەوتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەنرخێک کەمتر لە بازاڕی وزەی جیهانی بکرێتەوە،کەتەنها لەساڵی ٢٠١٥ لەسەدا ٤٥% نەوتی هاوردەی تورکیا لەهەرێمی کوردستانەوە بووە، هەروەها بڕی ٥٠ سنت بدات بە تورکیا بەرامبەر بە تێپەڕبونی هەر بەرمیلێک نەوت (Turkish، ٢٠١٥).

لەڕێگای ئەم گرێبەستەوە تورکیا هەوڵدەدات وەک تاکە دەروازە بمێنێتەوە بۆ ناردنە دەرەوەی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بۆ بازارەکانی جیهان و پێگەی خۆی لەناوچەکە بەهێزبکات ، لەلایەکی تریشەوە بۆتە هۆی دابینکردنی هەلی کار بۆ ژمارەیەکی زۆر لەهاوڵاتیانی خۆی بەتایبەتی ناوچە سنوورییەکان و کۆمپانیا نەوتی و گازییەکان (MNR، ٢٠١٧، ١).

تورکیا وەک کاراکتەرێکی چالاک لەکۆنترۆڵکردن و بەترانزێتکردنی هێڵەکانی گواستنەوەی گازو نەوت لەناوچەکەدا خۆی دەبینێتەوە ، ئەمەش بەهۆی ئەو شوێنە ستراتیژیەی لەناوچەکە هەیەتی ،دەکەوێتە نێوان دەوڵەمەندترین ناوچەکانی بەوزە لەجیهان کەیەدەگیان دەگاتە ٤٥% هەمو یەدەگی جیهان و لەلایەکی ترەوە دەکەوێتە نزیکی گەورەترین ئەو وڵاتانەی کەکاربەری گازو نەوتن لەجیهان، بۆیە یەکێک لەخواستە هەرە مەزنەکانی تورکیا ئەوەیە کەببێتە پردێکی زیندو لەنێوان هەردو ناوچەی بەرهەمهێن و بەکاربەر. سەرەڕای پێداویستی خۆشی لەوزە کەهەوڵدەدات لەژێر هەڕەشەی ئێران و ڕوسیا دەرچێت کە دابینکەری وزەن بۆ تورکیا، کەبەخاڵێکی لاوازی سیاسی و ئابوری تورکیا دادەنرێت (Ismeal، ٢٠١٨، ٩١-٩٣).

لەهەمانکاتدا بونی ئەو بڕە زۆرەی سەرچاوەکانی وزە وەک نەوت و گازی سروشتی لەهەرێمی کوردستان، هانی تورکیای داوە ئاراستەی دابینکردنی سەرچاوەی وزەی نوێ لەهەرێمی کوردستان مسۆگەربکات ، کەئەمەش لەلایەکەوە لەڕوی دراوسێیەتیەوە نزیکە بۆ گواستنەوەو عەمبارکردنی لەلایەکی ترەوە بەنرخێکی کەمترو هەرزانتر لەبازاڕی وزەی جیهانی دەستی دەکەوێت، لەهەمانکاتدا وەک کارتێکی فشار بەرامبەر وزەی ڕوسیاو ئێران بەکاریدەهێنێت.

هەربۆیە تورکیا لەهەوڵی بەردەوامدایە بۆ ناردنی کۆمپانیاکانی نەوت و گازو زیاتر گرێبەستکردن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەرگرتنی کێڵگەی زیاتر بەمەبەستی بەرهەمهێنانی وزە لەهەرێمی کوردستان. لەساڵی ٢٠٠٥ کۆمپانیای جینێل ئینرگی (Genel Energy) تورکی یەکەم گرێبەستی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکێڵگەی نەوتی تاوکێ کرد، تاکو ساڵی ٢٠١٩ زیاتر لە ١٤ گرێبەستی کردوە لەگەڵ کۆمپانیا تورکیەکان کە پێنج لەمانە کێڵگەی گازی سروشتین، کە دەتوانین بڵێین زۆرینەی کێڵگەکانی گازی سروشتی لەهەرێمی کوردستان کەوتونەتە ژێر هەژمونی کۆمپانیا تورکیەکان (MNR، ٢٠١٧، ٣)، بڕوانە خشتەی (٢).

خشتەی (٢)

ناوی کێڵگە گازیەکانی هەرێمی کوردستان کەکۆمپانیا تورکیەکان کاری تێدا دەکەن

| ژ. | ناوی کۆمپانیا | ناوی کێڵگە | پارێزگا | جۆری گرێبەست | بەرواری گرێبەست |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | Genel Energy | میران | سلێمانی | PSC | ٢٠٠٨/١٢/٢٨ |
| ٢ | Genel Energy | کوردەمیر | گرمیان | PSC | ٢٠٠٨/١٢/٢٨ |
| ٣ | Genel Energy | دهۆک | دهۆک | PSC | ٢٠١٠/١٠/١٤ |
| ٤ | Genel Energy | بەنەباوی | هولێر | PSC | ٢٠١١/١٢/١٢ |
| ٥ | Pet Oil | پوڵخانە | گرمیان | PSC | ٢٠١٢/٠٥/٠١ |

Source: (Ministry of Natural Recourse، Report، 2017)

ئەو سنورە هاوبەشەی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ڕەنگدانەوەی جیۆپۆلیتکی جۆراو جۆری لەسەر هەردولا لەلایەنی سیاسی و ئابوری هەیە ، کە دو دەروازەی سنوری فەرمی بەیەکەوەیان دەبەستێ کە بریتین لە دەروازەی ئیبراهیم خلیل، کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری زاخۆو دەروازەی دهۆک کەرۆژانە چالاکی ئابوری تیادا بەردەوام و چالاکە بەجۆرێک قەبارەی ئاڵوگۆری بازرگانی لەنێوانیان گەیشتۆتە زیاتر لە ٨ ملیار دۆلار لەساڵی ٢٠١٩، ئەمەش وایکردووە کۆمپانیا تورکیەکان پشکی شێریان لەهەرێمی کوردستان هەبێت. کەبەردەوام هانی کۆمپانیاکانی دەدات لەبوارە جیاجیاکان بێنە هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان لە ١٠٠٠ کۆمپانیا زیاترەو زیاتر لە ٥٠ هەزار کرێکاری تورکیش لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن (وزارە المالیە والاقتێاد، ٢٠١٩).

بەشێوەیەکی گشتی ئاراستەی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوریەکانی تورکیا لەهەرێمی کوردستان ساڵ لەدوای ساڵ لەبەرەوپێشچون و هەڵکشانی بەردەوامدایە، کەئەمەش خۆی لەچەند ئامانجێک دەبینێتەوە بە مشێوەیەی خوارەوە:

١. دابینکردنی وزەو پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی لە گازی سروشتی لەکێڵگەکانی هەرێمی کوردستان.

٢. هەوڵدانی بەردەوام بۆ گواستنەوەی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی تورکیاوە، کە ئەمەش جگە لە سودمەندبونی ڕاستەوخۆ لەهەمانکاتدا ئەیەوێت ببێتە ترانزێتی وزەو مەمەرێکی گرنگی جیهانی و ناوچەیی بۆ دابەشکردن و گواستنەوەی وزە، بێگومان ئەمە یەکێک لە خەونە گرنگەکانی تورکیایە، کە هەرچەندە خاوەنی سەرچاوەی وزە نییە لەوڵاتەکەی، بەڵام ئەیەوێت بەهۆی تێپەربونی هێڵەکانی گواستنەوە ڕۆڵێکی جیۆئابوری و سیاسی گرنگ بگێرێت و هەم پێویستییەکانی خۆی دابینبکات هەم کاریگەری بەسەر گواستنەوەو دابەشکردنی وزە لەنێوان وڵاتانی بەرهەمهێنی لەرۆژهەڵاتی ناویندا و بەکاربەر لە ئەوروپادا هەبێت. هەروەک هەوڵەکانی لەڕێگەی کۆمپانیای بۆک تاشی تورکی بۆ دروستکردنی بۆری گواستنەوەی گازی سروشتی بە درێژی ١٧٦کم لەناو خاکی تورکیا.

٣. کەمکردنەوەی هەژمونی فشاری وزەی ڕوسیاو ئێران، کەیەکێکە لەگرفتەکانی تورکیا، هەرکاتێک بارودۆخێکی سیاسی دێتە پێشەوە فشاری بڕینی وزە یا کەمکردنەوەی لەسەر تورکیا یەکێکە لە بژاردەکان لەبەردەم ئەو وڵاتانە، یا لانی کەم وایکردوە نەتوانێت ئازادبێت لەبڕیاردانی تاک لایەنە لەهەندێ بارودۆخی ناوچەیی و نێودەوڵەتی.

٤. تورکیا دەیەوێت سود لەو قەوارە سیاسی و یاساییەی هەرێمی کوردستان وەرگرێت بۆ گەیشتن بەمەرامە سیاسی و ئابوریەکانی و مانەوەی بنکە سەربازی و هەژمونە سیاسیەکەی و پێگەکەی لە ناوچەکە.

٥. مەترسیەکانی هەژمونی ئێرانی و هەوڵەکانی لەهەنبەر وەدەستخستنی وزەی هەرێمی کوردستان و بەبازاڕکردنی لەڕێگەی ئێرانەوە، وایکردوە تورکیا هەمیشە ترسی هەبێت لەو ڕۆڵەی هەیەتی، بۆیە بەردەوام هەوڵی بەهێزبون و مانەوەی لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوریەکانی لە هەرێمی کوردستان دەدات.

٦. ئاڵۆزیەکانی بارودۆخی سیاسی سوریا وای لەتورکیاکردوە بەردەوام هەوڵدەدات هەرێمی کوردستان لایەنگیرو هاوڕای تورکیابێت بۆ کێشەی سوریا، چونکە مەترسی ئەوە هەیە لەهەر بارودۆخێک لەکوردستانی ڕۆژئاوا گۆڕانکاری سیاسی ڕوبدات و پێگەی تورکیا لاوازبکات و ببێتە شوێنگرەوەی لەناردنەدەرەوەی وزەی کوردستان بەکوردستانی ڕۆژئاوا کەزیانێکی زۆر بەتورکیا دەگەیەنێت.

لەهەمانکاتدا ئامانجە سیاسی و ئابوریەکانی هەرێمی کوردستان نایەتەدی بەپشتگوێخستنی ڕۆڵی تورکیا، لەبەرئەوەی تورکیا کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی ڕاستەوخۆی لەسەر دۆسیە سیاسی و ئابوریەکانی هەرێمی کوردستان هەیە، کەدەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوە بیانخەینە ڕو:

١. بەهۆی ئەو سنورە هاوبەشەی لەگەڵ تورکیا هەیەتی وای کردوە کە هەرێمی کوردستان بەکیشوەری ئەوروپا ببەستێتەوە، لەهەمانکاتدا دەروازەیەکی گرنگە بۆ ناردنەدەرەوەی نەوت و گازەکەی بۆ بازارە جیهانیەکان.

٢. دەکرێت سود لە تورکیا وەربگیرێت بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی وزەو بەرەو پێشبردنی و بنیاتنانی ژێرخانی وزە، بەراکێشان و فراوانکردنی تۆڕەکانی ناردنە دەرەوەو بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و بەبازاڕکردن.

٣. هەوڵدان بۆ بنیاتنانی ئابوریەکی پتەو لەسێکتەرە جۆراوجۆرەکان لەهەرێمی کوردستان لەڕێگەی ئەو پەیوەندییە ئابوری و سیاسیەی کەهەیە، لەهەنبەر سودەکانی تورکیا.

٤. کردنەوەی قونسڵخانەو بونی کۆمەڵێک کۆمپانیای زەبەلاحی تورکی لەسەرجەم بوارەکان و ئەو پەیوەندییە فراوانە ئابوری و دیپلۆماسیەی کەهەیە، هەنگاوی گرنگن بۆئەوەی هەرێمی کوردستان بتوانێت پەرەی پێبدات و لەبەرژەوەندی خەڵکی هەرێمی کوردستان و دۆسیە سیاسی و یاساییەکەی لەمەڕ چەسپاندنی پێگەکەی و هەنگاوان بۆ دوارۆژێکی پرشنگدار بەکاریبهێنێت.

٥. ئالنگاریەکانی بەردەم پیشەسازی گازی سروشتی.

هەروەک چۆن لەتەوەرەکانی پێشو باسی گرنگی و بایەخی گازی سروشتیمان کرد بەشێوەیەکی گشتی و گازی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەسەر ئاستی ناوچەیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی و زیادبونی بایەخەکەی و بەرزبونەوەی خواستی ساڵانە، کەسروشتی ئەم کاڵایەش هەر لەسەرەتاوە جگە لە بایەخە ئابوریەکەی ڕەهەندێکی سیاسی وەرگرتووە، بۆیە ئەمە وادەکات لەهەمانکاتدا بێ کێشەو ئالنگاری نەبێت، بەتایبەت بۆ هەرێمێکی دەورراو (داخراو) بە چەند وڵاتێکی نەیاری سیاسی و نەتەوەیی. لێرەدا هەوڵدەدەین گرنگترین ئەو ئاستەنگ و ئالنگاریانە بخەینە ڕو:

١. یەکێک لەگرفت و لەئاستەنگەکانی پیشەسازی گازی سروشتی لەهەرێمی کوردستان نەبونی هێڵەکانی گواستنەوەیە بۆ ناردنەدەرەوەو بەبازاڕکردنی وێڕای هەوڵی زۆری وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و ئەنجامدانی دو گرێبەست لەگەڵ هەریەک لەوڵاتی تورکیاو کۆمپانیای ڕوسنەفتی ڕوسی.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp144-153

٢. چارەسەرنەکردنی کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغداو مانەوەیان بەهەڵواسراوی بەتایبەت لەبواری وزە و گرێبەستەکان و دەرهێنان و بەبازارکردنی.
٣. دواخستن و دەرنەچوونی پرۆژە یاسای نەوت و گاز لە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق، کەلەبەرژەوەندی کەرتی پیشەسازی نەوت و گازی هەرێمی کوردستاندایە.
٤. ئاستەنگی ڕاگرتنی هاوسەنگی هێزی نێوان ئەمریکا و ڕوسیا، لەکاتێکدا ئەمریکیەکان باڵادەستی سیاسی و ئەمنی و ئاسایشی ناوچەکەن، بەڵام لەهەمانکاتدا ئاراستەی گرێبەستەکان و باڵادەستی کۆمپانیا ڕوسیەکان لەبرەودایە، کەئەمە یاریەکی ئاسان نابێت بۆ هەرێمی کوردستان هەرچەندە ئەگەر لە ناچاریش ئەمەی کردبێت، چونکە هەریەک لەم دو هێزە کاریگەری و هەژمونی ڕاستەوخۆیان لەسەر هەرێمی کوردستان هەیەو تێروانین و بەرژەوەندی و سەنگی سیاسی جیاوازیان هەیە.
٥. گرفتێکی تر پشتبەستن بە تەنها یەک دەروازەی ناردنەدەرەوەی نەوت و گازی سروشتی بۆ بازاڕەکانی جیهان، کە ئەمەش هەژمونی تورکیای بەرونی پێوە دیارە.
٦. پرسی گەندەڵی و نەبونی شفافیەت لەگێڕانەوەی داهات و لایەنی دارایی و کارانەکردنی پرۆژە یاسای نەوت و گاز لە پەرلەمانی کوردستان و دانەمەزراندنی سندوقی داهاتەکانی نەوت و گازو ئەو مەرجە یاسایی و پێویستیانەی لە یاساکەدا هاتوە وەک دامەزراندنی کۆمپانیاکانی کوردستان بۆ دۆزینەوەی نەوت و گازو (KEPCO) و کۆمپانیای کوردستان بۆ پاڵاوتن و پاشکۆکانی (KODO) و کۆمپانیای کوردستان (KOMO) بۆ بەبازارکردن.

## ٦. ئەنجام:

لەکۆتایی توێژینەوەکە گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:
١. یەدەگی گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان دەگاتە ٥.٧ ترلیۆن متر سێجا، بەڕێژەی ٢.٩% کە ڕیزبەندی هەشتەمین وڵاتی وەرگرتووە لەسەر ئاستی جیهان لەڕوی یەدەگەوە. کەئەمەش ڕێژەیەکی زۆرەو دەکرێت لەڕوی سیاسی و ئابوریەوە وەبەرهێنانی تێدابکرێت.
٢. دابەشبونی جوگرافی کێڵگەکانی گازی سروشتی لەهەرێمی کوردستان زۆرینەیان کەوتونەتە ناوچەکانی گەرمیان و سلێمانیەوەو هەمویان لەدۆخی ئامادەن بۆ بەرهەمهێنان و ناردنەدەرەوە.
٣. زیادبونی خێرای بەکاربردن لەسەر ئاستی جیهان، ئەمەش وادەکات ڕۆژ بەڕۆژ بایەخی ئابوری و سیاسی گازی سروشتی لە ئێستاو ئایندەدا زیادبکات.
٤. دەرکەوتووە یەکێک لەگرفتەکانی پیشەسازی گازی سروشتی لەهەرێمی کوردستان نەبونی هێڵەکانی گواستنەوەیە بۆ ناردنەدەرەوەو بەبازاڕکردنی، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەهەوڵی بنیاتنان و دروستکردنی دایە لەڕێگەی کۆمپانیای ڕوسنەفتی ڕوسی بەدابینکردنی (٤) ملیار دۆلار بۆ ئەم مەبەستە.
٥. بایەخدان و هاتنی کۆمپانیا ڕوسی و تورکیەکان بەدابینکردنی سەرمایەکی گەورەی نەختینەیی بۆ بنیاتنانی ژێرخانی هێڵەکانی گواستنەوەو پیشەسازی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە بایەخی جیۆپۆلۆتیکی وزەی هەرێمی کوردستان سەنگینە.
٦. ئامانجی ڕوسیا هەوڵدانە بۆ دەستبەسەراگرتنی هەژمونی هێڵەکانی گواستنەوەو بەبازاڕکردنی وزە لەناوچەکە لەژێرچاودێری ڕوسیابێت .
٧. پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی نوێی ڕوسیا ئەویش لەڕێگەی کۆنترۆڵکردنی نرخی گازو نەوت لە بازارەکانی جیهان و بەکارهێنانی چەکی وزە وەک ئامرازێکی کاریگەر بەرامبەر وڵاتانی ڕۆژئاواو ئەمریکا.
٨. ئەنجامدانی (٥) پێنج گرێبەست لەلایەن کۆمپانیا تورکیەکانەوە، کە دەتوانین بڵێین زۆرینەی کێڵگەکانی گازی سروشتی لەهەرێمی کوردستان کەوتونەتە ژێر هەژمونی کۆمپانیا تورکیەکان. بەمەبەستی دابینکردنی گازی سروشتی بەنرخێکی هەرزان و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی لە کێڵگەکانی کوردستان لەداهاتودا .
٩. هەوڵدانی بەردەوام بۆ گواستنەوەی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی تورکیاوە، کەئەمەش جگە لەسودمەندبونی ڕاستەوخۆ لەهەمانکاتدا ئەیەوێت ببێتە ترانزێتی وزەو مەمەرێکی گرنگی جیهانی و ناوچەیی بۆ دابەشکردن و گواستنەوەی وزە، کەئەمەش هەم پێویستییەکانی خۆی دابین دەکات هەم کاریگەری بەسەر گواستنەوەو دابەشکردنی وزە لەنێوان وڵاتانی بەرهەمهێن و بەکاربەردا دەبێت .

## ٧. ڕاسپاردەکان

١. چارەسەرکردنی گرفتی هێڵەکانی گواستنەوە بۆ ناردنەدەرەوەو بەبازاڕکردنی، لەبەرئەوەی زۆرینەی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان ئامادەن بۆ بەرهەمهێنان.
٢. گازی سروشتی کارتێکی گرنگی سیاسی و جیۆئابوریە، بایەخێکی گرنگی هەیەو بەکارهێنانی بەشێوەیەکی دروست کاریگەری ئەرێنی لەسەر داهاتوی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان دروست دەکات.
٣. سود وەرگرتن لەو کۆمپانیا نێودەوڵەتیانەی بواری گازی سروشتی لەهەنبەر بەهێزکردن و دروستکردن و دامەزراندنی پیشەسازی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان.
٤. ڕاگرتنی هاوسەنگی هێزی نێوان ئەمریکاو ڕوسیا، پێویستە هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی گشتگیرو توکمەی لەهەنبەر پاراستنی بەرژەوەندی هەردو جەمسەر هەبێت، نەبێتە مەترسی یا پشتێکردنی لایەک بۆ لایەکی تر.
٥. هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی زیاتر لە دەروازەیەک بۆ ناردنەدەرەوەی گازی سروشتی بۆ بازارەکانی جیهان.
٦. بنیاتنانی ژێرخانی وزە و ڕاکێشان و فراوانکردنی تۆڕەکانی بەیەکبەستنەوەو ناردنە دەرەوەو.
٧. هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا، بەتایبەت لەبواری وزەو گرێبەستەکان و دەرهێنان و بەبازارکردن و دەرکردنی پرۆژە یاسای نەوت و گاز لە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق.
٨. هەوڵدان بۆ کاراکردنی پرۆژە یاسای نەوت و گاز لە پەرلەمانی کوردستان و دامەزراندنی سندوقی داهاتەکانی نەوت و گازو ئەو مەرجە یاسایی و پێویستیانەی لە یاساکەدا هاتوە وەک دامەزراندنی کۆمپانیاکانی کوردستان بۆ دۆزینەوەی نەوت و گازو (KEPCO) و کۆمپانیای کوردستان بۆ پاڵاوتن و پاشکۆکانی (KODO) و کۆمپانیای کوردستان (KOMO) بۆ بەبازارکردن.

## ٨. لیستی سەرچاوەکان

أوغلو، أحمد داود، 2011، العمق الاستراتيجي " موقع تركيا ودورها في الساحة الدولية". (ترجمة: محمد جابر ثلجي و طارق عبدالجليل، المترجمون) مركز الجزيرة للدراسات.

الرماح، حسين علي عبد الباقي، 2016، أمن الطاقة في السياسة الروسية بعد عام، بيروت، مطبعة شفق.

عزيز، مريم فتاح، 2007، تحليل العوامل التي رسمت الحدود العراقية - التركية. السليمانية: مطبعة، مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية.

هرورى، نشوان شكرى، 2001، أثر الموقع الجغرافى لاقليم كوردستان العراق فى سياسات دول الجوار (تركيا نموذجا)، دهوك: مجلة متين (111)، القسم العربي.

عبدالنبى، هاجر محمد أحمد، 2016، أمن الطاقة والعلاقات الروسية الغربية في الفترة (2000-2015. تم الاسترداد من المركز الديموقراطي العربي: https://democraticac.de/?p=34018

وزارة المالية والاقتصاد،2019، حكومة اقليم كوردستان مديرية العامة للجمارك، الشؤن القانونية والكمركية، قسم الشؤن الكمركية.

ڕەسوڵ، ڕێبین ڕۆستەم، 2014، بایەخی جیۆپۆلۆتیکی توخمە سروشتیەکانی جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، نامەی ماستەر، فاکلتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، بڵاونەکراوە.

هەمەوەندی، یادگار عبداللە علی، 2019، الاهمية الجيوبولتيكية لنفط اقليم كوردستان العراق (دراسة في الجغرافيا السياسية). فاكلتي التربية، جامعة كويه، أطروحة (دكتوراه).

Turkish, AFFAIRS, R. O., 2015, REPUBLIC OF TURKEY MINISTRY OF FOREIGN AFFAIRS. Retrieved from REPUBLIC OF TURKEY: http://www.mfa.gov

EIA, U. E., 2020, Energy Information Administration, Report .

IEA, 2019, International Energy Agency Key World Energy Statistics, Report .

Ismael, H. M, 2018, The Geopolitical challenge of Iraqi – Kurdistan's Natural Gas. Greensboro: Doctor of Philosophy, University of North Carolina, Greensboro.

MNR, 2013, Ministry of Natural Recourse. Erbil: Kurdistan Regional Government, Report.

MNR, 2014, Ministry of Natural Recourse. Erbil: Kurdistan Regional Government, Report.

MNR, 2017, Ministry of Natural Recourse. Erbil: Kurdistan Regional Government, Report.

MNR, 2019, Ministry of Natural Recourse. Erbil: Kurdistan Regional Government, Report.

MNR, 2020, Ministry of Natural Recourse. Erbil: Kurdistan Regional Government, Retrieved from Annual Reports: http://mnr.krg.org/index.php/en/oil/monthly-export-production-data, Report.

MNR, 2020, Ministry of Natural Recourse. Kurdistan Regional Government, Report.

OPEC, 2018, OPEC Annual Statistical Bulletin, Report .

OPEC, 2019, OPEC Annual Statistical Bulletin, Report .

OPEC, A. S, 2019, OPEC, Annual Statistical Bulletin, Report .

R0SNEFT, 2017, Rosneft and Iraqi Kurdistan Government Agree to Expand Strategic Cooperation. Retrieved from ROSNEFT: https://www.rosneft.com/press/releases/item/186811 /

Recourse, M. o, 2019, Ministry of Natural Recourse, Report .

REUTERS, 2018, REUTERS. Retrieved from REUTERS: https://ara.reuters.com/article/arabicWorldService /

Zagros, W, 2016, Western Zagros, oil company, Map Report .